گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی شوێنیی بۆ کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی و کاریگەرییە دیمۆگرافیەکانی (ناحیەی بالیسان )وەک نمونە

**پ.ی.د. ساکار محمد حسن**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
sakar.gardi@uor.edu.krd

**م. تەنکە عوسمان سعید**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
tnka.saeed@su.edu.krd

**پ.ی.د. فاطمة قادر مصطفى**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
fatma.qadr@uor.edu.krd

**زانیاریەکانیتوێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١١/٦
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٢/٥
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Chemical attacks, crime, chemical weapons, demography, Balisan.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.16

**پوختە**

تاوانی کیمیاباران کردنی دۆڵی خۆشناوەتی و ناحیەی بالیسان، چەند تاوانێکی گەورەی ساڵانی هەشتاکانی ڕابردوون، کە ڕژێمی بەعس لە چەند کردەیەکی سەربازییدا دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی ناوچەکە ئەنجامیان داوە، بە ئامانجی لە ناوبردنی دانیشتوانی ناوچەکە و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی و فەرهەنگەکەی و تێکدانی خاک و وێرانکردنی باغ و بێستانەکەی، بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤەوە. ئەو تاوانەی کە بەرنامەیەکی وردی پێشوەختەی بۆ داندرابوو بە بڕیاری ڕاستەوخۆی (سەدام حوسێن) لە ماوەی نێوان(١٦\٤\١٩٨٧ تا 1988/7/31) جێبەجێکرا، هۆکاری ئەوەش تەنها پشتگیری و پشتیوانی گوندنشیانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆڵی خۆشناوەتی، بەتایبەت سنووری ناحیەی بالیسان بوو، بۆ هێزی پێشمەرگە، چونکە ناوچەکە مەڵبەندی سەرەکی پێشمەرگە و شۆرشی ڕزگاریخوازی کورد بووە، هەر ئەوە وای لە ڕژێمی ئەوکاتی عێڕاق کرد کە ئەو زنجیرە تاوانە نامرۆڤانەیە، دژی دانیشتوانی ئەم سنوورە ئەنجام بدات، کە زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵی بە خەڵکی سنوورەکە گەیاند، بەجۆرێك تائێستا زامی ئەو برینی ساڕێژ نەبووە و شوێنەواری ئەو تاوانە وەك مۆرێکی تاوان بە نێوچوانی تاوانکارانەوە ماوەتەوە.

## پێشەکی:

کوردستان لەدوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەپێی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز بەسەر وڵاتانی (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) دابەشکراوە، بەمەش نەتەوەی کورد لە ژێردەستی ئەو وڵاتانە وەك کەمینەیەکی ماف خوراو لە بارودۆخێکی ناهەموار ژیاوە، لەوساوە خەڵکی کوردستان بەرەو ڕووی چەوساندنەوە و هەوڵی تواندنەوەی بەردەوام هاتوون، ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کوردستان کراون کەمتر نین لەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلانی دیکە کراون.

وڵاتانی داگیرکەری کوردستان سڵیان نەکردۆتەوە، لە بەکارهێنانی شێوازی نامرۆڤانە و دڕندانە، لە شێوەی کوشتن و بڕین و بێ سەرو شوێنکردن، تا دەگاتە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی، لە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی(جینۆساید)دا.

لە کوردستانی باکوور بۆ لەناوبردنی کوردەکانی ناوچەی دەرسیم، لە باکوری کوردستاندا لە ساڵانی (1937 و 1938)دا چەکی کیمیاوی وەکو یەکێ لە ئامرازەکانی لەناوبردن بەکارهێنراوە. لە بەهاری ساڵی (1987) لە گوندەکانی بانە و مەریوانی کوردستان خۆرهەڵات و لە گوندەکانی خۆشناوەتی وەکو شێخ وەسان و بالیسانی باشوری کوردستان، ئەمچەکە بەکارهاتووە، هەروەها دواتر شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی کوردستان، وەکو یەکەمین شاری کوردستان، گازی کیمیاوی لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی کورداندا تێدا بەکار هاتووە. لە باشوری کوردستاندا لە (1988/3/16)دا گەورەترین هێرشی کیمیاوی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە کرایە سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دانیشتوانی شاری هەڵەبجە. هەر لە هەمان ساڵدا لە ناوچەکانی سێوسێنان، گەرمیان، گۆپتەپە، خۆشناوەتی، باڵەکایەتی و بادینان لە چوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی و ئەنفالدا، کیمیابارانی ئەم ناوچانە کران.

کۆمەڵ کوژییەکانی قەڵادزێ، قارنێ و قەڵاتان، عاموودا و هی دیکەی لەم شێوانە، هەروەها بەعەرەبکردنی ئێزدییەکان، ئاماژە بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەکەن. بەعەرەبکردن، تواندنەوە و پاکتاوی بە بەرنامەی کوردە فەیلییەکان، لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان و لەناوبردنی نزیکەی (8000) کەس، لەپرۆسەی تاوانی لەناوبردنی بارزانیەکان، لەساڵی (1983)دا و لەناوبردنی نزیکەی(182000) کەس، لە پرۆسەی تاوانی ئەنفال لە ساڵی (1988)دا، لەگەڵ خاپورکردنی هەزاران گوند، شارەدێ و شارۆچکەی باشوری کوردستان، بەڵگەی بوونی پلانی بە مەبەستی لەناوبردنی کورد، لە پرۆسەیەکی ماوە درێژدا، لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەسەلمێنن. (http://dengekan.ca)

تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ڕژێمەکانی (تورکیا، ئێران و سوریا) لە چەوساندنەوەی کوردستانییان بەردەوامن و نکۆڵی لە مافە کەلتوری و ڕامیاری و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن و پیادەی سیاسەتی پەراوێزکردن، چەوساندنەوە، سوتاندن و تێکدان، ڕاوانانی ئازادیخوازان و کۆمەڵکوژی دەکەن، بەمجۆرە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ بە کوشندانەترین شێوە دەکەن. بێدەنگی بەگشتی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەتایبەتی، نەک تەنها وا لەو دەوڵەتانە دەکات کە درێژە بەو پێشێلکاریانە بدەن، بەڵکو مەترسی ئەگەری تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی زیاتر دێنێتە پێشەوە. (http://dengekan.ca)

خەڵکی خۆڕاگری بالیسان و شێخ وەسان و دۆڵی خۆشناوەتی مێژووی دوور و نزیکی ناوچەکەتان شاهێدی ڕاستییەکی مێژووییە، کە ئەم سنوورە هەمیشە قەڵایەکی پشتگیری و پشتیوانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بووە و لەو پێناوەشدا قوربانی گەورەی داوە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بۆ ئێستا و بۆ ئاییندەش تۆمارکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرنگی توێژینەوە:**

توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی (کیمیابارانی گوندەکانی کوردستان)، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەهۆی لێکەوتەکانی، کە بۆتە هۆی لەناوبردنی سەدان مرۆڤی بێتاوان، هەروەها ئاوارەبوونی سەدانی تر و ژمارەیەکی زۆریشیان وەك شەهیدی زیندوو دادەنرێن، بەهۆی کەم ئەندام بوونیان، ئەمە سەرەڕای کاولکردن و ڕوخانی خانوو و زەوی و باخی دانیشتوان لە ناوچەکە، کە ئەوانە دەرەنجامی زۆر نەرێنی لەسەر ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبووە و شوێنەواری خراپی لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەجێ هێشتووە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە:**

دەگەڕێتەوە بۆ دەگمەنی نووسینی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دەربارەی ئەم بابەتە، بەتایبەت لەبواری جوگرافی و شیکردنەوەی شوێنیی بۆ خستنەڕووی کاریگەرییە دیمۆگرافییەکەی، ئەمەش لەپێناو زیاتر بەرجەستەکردن و پیشاندانی ئەم تاوانە گەورەیە و فەرامۆشنەکردنی.

**کێشەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵبژاردنی کێشەی توێژینەوە، کە دەکرێ بەهۆی کۆمەڵێك پرسیار بخرێنەروو، وە هەوڵ بدرێ بەشێوەی گریمانەیی وەڵام بدرێنەوە.

1. ئایا تاوانەکانی کیمیباران و کۆمەڵکوژی، تایبەت بە پارچەیەکی دیاریکراوی کوردستانە؟
2. ئەو کارەساتە چ کاریگەرییەکی کردۆتە سەر دیمۆگرافیای ناوچەی لێکۆڵینەوە.
3. شوێنەواری ئەو تاوانە لە ئێستادا چۆنە؟ بە بەراورد بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای بە دانیشتوانی ناوچەکە ؟
4. جوگرافیای ناوچەکە چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر هۆکار و دەرەنجامەکانی کیمیابارنی ناوچەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:

1. ڕەگەزەکانی ئاووهەوا و بەرزی نزمی کاریگەریان هەبووە لەسەر قەبارەی زیانە گیانیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە؟
2. کیمیابارانە یەك لەدوای یەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری هەبووە لەسەر دیۆگرافیایی ناوچەکە.
3. ئاستی خزەتگوزاری لە سنوری ناوچەکە لە بارودۆخێکی نەگونجاو دایە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

لەڕێگای دەرخستنی ئەو زیانە زۆرەی دووچاری خەڵکی ناوچەکە بووە، لەگەڵ دەرخستنی بارودۆخی دیمۆگرافی دانیشتوانی ناوچەکە، ئامانجی توێژینەوە خستنەڕووی کاریگەرییە دیمۆگرافییەکانی پرۆسەکەیە، بەمەبەستی خزمەتکردن بەدانیشتوان و زیان لێکەوتوانی ئەم تاوانە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە ڕێبازی (وەسفی و شیکردنەوەی شوێنی دانیشتوان، ڕێبازی مێژویی) بەستراوە، بە مەبەستی شیکردنەوەی گۆڕانی دیمۆگرافی و ئامارە زیندوەکان.

## پلانی لێکۆڵینەوە:

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانەکەمان دابەشکردووە بۆ سەر دوو تەوەر،

**تەوەری یەکەم:** باسی ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە، کە لە (3) بابەت پێک هاتووە، **یەکەم**: بریتیە لە ڕەهەندی جوگرافی، **دووەم**: ڕەهەندی مێژوویی و دیمۆگرافی ناوچەی لێکۆڵێنەوە خراوەتەڕوو. هەرچی بابەتی سێیەمە تایبەت کراوە بە کورتەی مێژووی کارەسات و وێرانکاری ناوچەکە.

**تەوەری دووەم:** باس لە شیکردنەوەی کاریگەری کیمیباران لە گوندەکانی دۆڵی خۆشناوەتی و کاریگەرییە دیمۆگرافییەکانی دەکات، کە پێک هاتووە لە (٢) خاڵ، **خاڵی یەکەم:** بەڵگە و هۆکار و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجەکانی کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی و ئاکامە تەندروستییەکانی خراونەتەڕوو، **خاڵی دووەم:** شیکردنەوەی جوگرافی کیمیابارانی گوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتی باسی لێوە کراوە. کۆتایی لێکۆڵینەوەکەش بریتی یە لە ئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان.

**تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**


لەم بەشەدا وەك ناساندێك بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، تەوەرەکانمان لەدوو خاڵ کۆکردۆتەوە، یەکەم، تایبەت کراوە بە ڕەهەندە جوگرافییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەر چی خاڵی دووەمە ڕەهەندی مێژوویی و دیمۆگرافی ناحیەی بالیسان خراوتەڕوو:

**یەکەم: ڕەهەندی جوگرافی:**

ناحیەی بالیسان، یەکێکە لە ناحیەکانی سەر بە قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر، کە لە بەشی ناوەڕاستی پارێزگاکە هەڵکەوتووە، نەخشەی (1). لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی (28 ,20 ,$36^5$) و (11 ,29 ,$36^5$) باکوور، هەردوو هێڵی درێژی (32 ,40 ,$44^5$) و (12 ,47 ,$44^5$) ڕۆژهەڵات، ئەوەی پەیوەستە بە پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەگەڵ یەکە کارگێڕیەکانی دەوروبەری، لە بەشی باکوور لەگەڵ (قەزای سۆران) هاوسنوورە و قەزای ڕانیە کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی، لە بەشی ڕۆژئاوای لەگەڵ (قەزای شەقلاوە) هاوسنوورە، (قەزای کۆیە) کەوتۆتە بەشی باشووری ناحیەکە، وەک لە نەخشەی(2) تێبینی دەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی**(1)** پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەر




سەرچاوە: ئامادە کراوە لە لایەن تویژەران پشتبەست بە :

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەریوەبەرایەتی زانیاری نەخشەسازی هەولیر، بەشی (GIS)، نەخشەی کارگیری ناحیەی بالیسان، سالی 2009.

هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی (بالیسان)، گرنگیەکی ستراتیژی و ئابووری هەیە، لە نێو پارێزگای هەولێر، چونکە ناحیەکە پردی بەستنەوەی پەیوەندییە، لە نێوان چەند قەزایەکی پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانی، رێگایەکی گرنگی ستراتیژیە کە رۆژانە هاموشۆی گوندنشینان و دانیشتوانی لەسەر بەندە، ئەوەش گەواهیدەرە لەسەر گرنگی پێگەی جوگرافی ناوچەکە، لە سۆنگەیەکی دی، هەڵکەوتەی تۆبۆگرافی ناحیەکە کە خۆی لە دۆڵێکی فراواندا هەلکەوتووە، (لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە، (٢٠٢١/١٠/٨). سەرەڕای بوونی چەندین زنجیرە چیای پێچاوپێچی تیدایە، کە یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ هێزی پێشمەرگە لە ڕابردوودا، ئەمەش هۆیەک بوو کە ڕژێمی ناوەندی پەلامارەکانی بەرامبەر ناحیەی بالیسان، دوور لە بەهای مرۆڤایەتی بەکاربهێنێت، دژی دانیشتوانەکەی.

فەرمانی بوون بەناحیە لە ڕێککەوتی(1998/12/28) دەرچوو، سنووری ئیداری و جوگرافی ناحیەی بالیسان ئەو گوندانە لەخۆ دەگرێت (خەتێ، بێرۆکە، سپیلکە، باروکاوە، توتمە، دەراش، کانی بەرد، شێخ وەسان، بێراوە، خۆران، شیرەی خواروو، شیرەی سەروو). لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بەقەزای شەقڵاوەیە لە سنووری پارێزگای هەولێر، بە دووری (30)کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە. (اسماعیل، 2019، ل10) ڕووبەری ئەو ناحیەیە (88کم2) یە و (30%) زەوییەکەی پێکهاتووە لەدەشت، و تەنها (10%) گرد و (60%)ی لە چیا پێکهاتووە. (https://ar.wikipedia.org/wiki/)

## دووەم : ڕەهەندی مێژوویی و دیمۆگرافی:

لەم خاڵەدا باسی مێژووی ناحیەی بالیسان و سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین، لەگەڵ گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (2002 تا 2018).

**1- مێژووی ناحیەی بالیسان:**

بەپێی سەرچاوەکان مێژوویی ئاوەدانی بالیسان تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، بە یەکێک لە گوندە دێرینەکان دەناسرێت، ئەم ناوچەیەش هەر بە ناوی ئەم گوندە، ناونرا (دۆلی بالیسان) کە لە دووڕیانی بێتواتە دەست پێ دەکات و لە گوندەکانی دۆلی ئاڵانە، کۆتایی دێت.

ئەگەر چی پێشتر بالیسان فەرمانی کارگێڕی بوون بە ناحیەی بۆ دەرچوو بوو، بەڵام لە (١٩٩٩/٢/٢٨) وەك ناحیە ناسێندرا، ئەوکاتە بە داخەوە لە کوردستان بەهۆی دوو ئیدارەیی، لکێندراوە بە قەزای کۆیە، پاشان کە قایمقامیەتی قەزای شەقڵاوە تازە کراوەیەوە، بالیسان خرایەوە سەر شەقڵاوە، تاکو یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی هەمیشەیی، کەوتە سەر قەزای شەقلاوە لە سنووری پاریزگای هەولێر.

بەپشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان، لە بالیساندا جگە لە نەتەوەی کورد، جولەکەش لە گوندەکەدا ژیاون و لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی جولەکە، لەساڵی (١٩٤٨) ئەوان بەزۆر ڕووە و ئیسرائیل گواستراونەتەوە و کۆچیان کردووە و ئەو ناوچەیان جێ هێشتووە. (https://www.kurdistan24.net/ckb/story)

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی (1961) زۆربەی خەڵکی خۆشناوەتی، بە توانای جەستەیی و ڕووحیەوە بوون بە پێشمەرگە، بۆ بەرگری کردن لە وولاتەکەیان، لە دوا ساڵی شۆڕشی ئەیلولدا، ئەگەر پلانە شومەکەی جەزائیری ساڵی (1975) نەبوایە، هەرگیز هێزەکانی عێڕاق نەیاندەتوانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و جاڕدانەوەی شۆڕشی نوێ، گەنجانی خۆشناوەتی پەیوەندییان بە شۆڕش کردەوە و لەم پێناوەشدا کۆمەڵێك قوربانیان داوە. (https://www.kurdistan24.net/ckb/story)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2- گەشەی دانیشتوان لە ناحیەی بالیسان:

بەگوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٧٧) قەزای شەقڵاوە، ئەو یەکە کارگێڕییانە لە خۆ دەگرێت، کە بریتی بوون لە ناحیەکانی (سەنتەر ، سەلاحەددین ، هەریر ، خۆشناو) ( الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، 1977، ص33) لەم ساڵەدا (بالیسان) بریتی بوو لە گوندێک لە سنووری کارگێڕی ناحیەی (خۆشناو)، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) لە ئەنجامی هاتنە ئارای گۆڕانێکی کارگێڕی بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شەقڵاوە، ئەوەبوو ژمارەی یەکەکانی لە (٤) یەکەی کارگێڕی کەم دەبێتەوە بۆ (٣) یەکە، واتە لەم ساڵەدا ناحیەی (خۆشناو) بەتەواوی کەرتەکانیەوە خرایە سەر ناحیەی (سەنتەر) (جريدة الوقائع العراقية، ص452)، بەڵام لەپاش راپەرینی ئاداری (١٩٩١)، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، لە رێکەوتی (١٩٩٢/٥/٢٢) بڕیاری گێڕانەوەی ناحیەی (خۆشناو)ی دا لە سنووری قەزای شەقڵاوە، کە ناوەندەکەی بریتی دەبێت لە شارۆچکەی (هیران) (محافظة أربيل، (١٩٩٢/١١/١٠))، لەرێکەوتی (١٩٩٩/٢/٢٨)یش، بڕیاردرا بە کردنەوەی ناحیەیەکی نوێ لە پارێزگای سلێمانی بەناوی ناحیەی (بالیسان)، کە شارۆچکەی (بالیسان) دەبێتە سەنتەرەکەی و لە رووی کارگێڕیەوە بە قەزای رانیە دەبەسترێتەوە (رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ( ١٢٢) لە (١٩٩٩/٣/١٣))، بەڵام لەپاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەگوێرەی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ، بڕیار دراوە بە گەڕانەوەی ناحیەی (بالیسان)، کە لە چەند گوندێک پێک دێت بۆ سەر قەزای (شەقڵاوە) (نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ ، ژمارە (١٠١٠٧) لە رێکەوتی ( ٢٠٠٦/٩/١١ ))کە بریتین لە گوندەکانی (خەتێ، توتمە، بێرۆ، شێخ وەسان، بێراوە، شیرێ) (وزارة التخطيط و التعاون الانمائية، (2009)).

خشتەی(1) قەبارە و ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی بالیسان لە ساڵەکانی(2002، 2008، 2013، 2018)

| ساڵ | 2002 | 2008 | 2013 | 2018 |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە ماڵ | 776 | 804 | 878 | 1087 |
| ژمارەی نێر | 2017 | 2070 | 2115 | 2418 |

| ژمارەی مێ | 1970 | 2105 | 2129 | 2398 |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان | 3987 | 4175 | 4244 | 4816 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە .
ابراهیم، مخلص اسماعیل، بالیسان تۆماری مێژووی بیست ساڵەی بوون بەناحیە، چاپخانەی ماردین، هەولێر، 2019، ل 27.

لە تێبینی کردنی خشتەی(1) دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی دانیشتوانی ناحیەی بالیسان، لە ساڵی (2002) بەوجۆرە بوو، ژمارەی (776) ماڵ، کۆی گشتی دانیشتوان (3987) کەس، ڕێژەی (%50.59) دانیشتوان لە ڕەگەزی نێر بوون، (%49.41) لە ڕەگەزی مێ بوون، ڕێژەی (%43.5)ی دانشتوانی ناحیەکە خوێندەوار بوون و توانای خوێندنەوە و نوسینیان هەبووە، بەلام (%56.5)، واتە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانەکەی خوێندەوارییان نەبووە، ئەمە سەرەڕای نەبوونی هیچ خاوەن بڕوانامەیەکی دکتۆرا و ماستەر و تەنانەت بەکالۆریۆس. (اسماعیل، 2019، ل24) ئەمەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری نەرێنی هەیە، لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و پێشکەوتن و خزمەتگوزاری بە ناوچەکە.

لە ساڵی(2008) پێکهاتەی دانیشتوان بەو شێوە بووە، ژمارەی ماڵ (804)، ژمارەی دانیشتوان(4175) کەس، ڕێژەی (%49.58) ڕەگەزی نێرن، (%50.42) لە ڕەگەزی مێن، بە بەراورد بە ساڵی (2002) ڕێژەی نێر (%1) کەمیکردووە، هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هەلی کار و کۆچی دانیشتوان، لە گوندەکانەوە بۆ شار و چوونی گەنجان لە ڕەگەزی نێر بۆ هەندەران، بەڵام دروستبوونی ناحیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەری کردۆتە سەر کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچی دانیشتوان، بەمەش ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2018 گەیشتۆتە 4816 کەس. دەبێ بڵێین کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو سنوورە، دوای کارەساتی کیمیاباران، کۆچیان کردووە بۆ ناوەندی قەزاکان و بەتایبەتیش سەنتەری شاری هەولێر. بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزاری نێوان سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە و سەنتەری شارەکان و بەهۆی جێگیربوونیان لەو شارانە و خۆگونجانیان، خەڵکە نەگەڕاونەتەوە شوێنی بنەڕەتی خۆیان، بەمەش گۆڕانێکی تەواو لە دیمۆگرافیای ناوچەکە ڕویداوە، بەمەش ڕێژەی گەشەی دانیشتوان و قەبارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی سنووردار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەی کردووە، جگە لەتێکچوونی بواری دیمۆگرافی، کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و سوود وەرنەگرتن لەو سروشت و ژینگەی گونجاوەی ناوچەکە.

## سێیەم: کورتەی مێژووی کارەسات و وێرانکاری ناوچەکە:

بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمی میرنشینە کوردییەکان سوپای عوسمانی(تورك) هاتۆتە باشووری کوردستان و تا توانیویەتی زوڵم و ستەمی کردووە، زیانی زۆری بە زەوی کشتوکاڵی و بەرهەمەی کشتوکاڵی و ئاژەڵی گەیاندووە.

سوپای ڕوس لە جەنگی یەکەمی جیهانی هاتۆتە کوردستان و بەوناوچەیە گوزەری کردووە، و نەهامەتی زۆری بۆ دانیشتوانەکەی هەبووە. سوپای ئینگلیز لە ساڵی (1918) هاتۆتە موسڵ، دواتر هاتۆتە هەولێر و هەڵکشاوە تا ئەم دەڤەرە، هەڕەشە لە خەڵکی ناوچەکە دەکەن بە خۆبەدەستەوەدان، بە پێچەوانەوە گوندەکانیان دەسوتێنن، بەمەش چەندین تاوانیان لەو ناوچەیە ئەنجامداوە. لەسەر دەستی حکومەتی ناوەندی بەغداش لە ساڵی (1963) گوندی بالیسان سوتێنراوە، دانیشتوانەکەی ئاوارە و دەربەدەر بوون.

لە ماوەی نێوان ساڵانی (1974-1976) بەهۆی زۆری بۆردومانی تۆپ و فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای عێراق، ژیان تیایدا زۆر ئەستەم بووە و نزیك بووە لە چۆڵ بوون، چەکی ناپاڵم و فسفۆڕیشیان تیادا بەکارهێناوە. (اسماعیل، 2019، ل7)

لە کۆتایی ئەو بەشەی لێکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەیکە هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی (بالیسان) گرنگیەکی دیاری هەیە لەسەر ئاستی قەزای شەقلاوە، یان وەک پردێکی بەستنەوەی پەیوەندی نێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بەیەکەوە، لە سۆنگەیەکی دیکەوە، لەبەر گرنگی ئەو هەڵکەوتەیەی ناحیەکە، هەمیشە لە ڕابردوودا، ببووە گۆڕەپانی هێرشە یەک بەدوای یەکەکانی ڕژێمی ناوەندی دژ بە دانیشتووانی سڤیلی دەڤەرەکە، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا کاردانەوەی نەرێنی لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوان دروست کردبوو، کە لە بەشەکانی داهاتوو، تەوەری سەرەکی باسکردنی لێکۆڵینەوەکەمان دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری دووەم: شیکردنەوەی کاریگەری کیمیباران لە گوندەکانی دۆڵی خۆشناوەتی و کاریگەرییە دیمۆگرافییەکانی:

لەم تەوەرەدا باس لە شاڵاوەکانی کیمیابارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین، لەگەڵ ئاماژەکردن بە کاریگەرییە نەرێنەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی دەرهەق بە دانیشتوانی ناوچە ئەنجامدراوە.

### یەکەم: بەڵگە و هۆکار و ئامانجەکانی کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی و ئاکامە تەندروستییەکانی:

لەم باسە بەڵگەکانی کیمیابارنی ئەو دۆڵە لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێڕاق ئاماژەی پێکراوە، هەروەها هۆکارەکانی کیمیابارانی ئەو ناوچەیە خراوەتەڕوو، هاوکات ئامانجەکانی ڕژێمی بەعس لەو تاوانە باسکراوە، لەگەڵ خستەڕووی ئاکامە تەندروستییەکان لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە.

#### 1- بەڵگەنامەکانی بڕیاردان لەسەر کیمیاباران کردنی ئەو ناوچانە:

کۆمەڵێك بەڵگەنامەی سەردەمی بەعس، ئەوە دەردەخەن کە پێشنیاری لێدانی کوردستان بە چەکی کیمیاوی، لە بنەچەدا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازییەوە بووە، بە تایبەتی هۆبەی سێیەم، کە هۆبەی تایبەتمەند بوو بە ئێران و بە وتەی خۆیان باکووری عیراق، چونکە نووسراوەکان زۆر بە نهێنی و تایبەت لە سەرۆکایەتی کۆمار دەردەچوون و ئیمزای سەرۆک کۆماری بەسەرەوە دەبوو.

هەمان ئەو بەڵگەنامانە بە ڕوونی دەریدەخەن، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دژی کورد، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی (سەدام حوسێن) بووە. ئەو نووسراوە ڕەسمییانەی لەم بارەیەوە لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەرچوونە و لۆگۆی ئەوێ و ئیمزای سکرتێری تایبەتی سەدامیان بەسەرەوەیە، ئەم کارە پشتڕاست دەکەنەوە. بەڵگەنامەکان ئەوەش دەردەخەن کە بە بێ پرسکردن بە سەرۆکایەتی کۆمار و ڕەزامەندی خودی (سەدام حوسێن) کەس نەیوێراوە بیر لە بەکارهێنان و نەخشەدانان و جێبەجێکردنی ئەو پەلامارە کیمیاوییانە بکاتەوە. کەسانی وەک (وەفیق سامەڕایی) پێشنیاری ئەم تاوانەیان کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا وردەکارییەکانیان خستووەتە بەردەستی (سەدام) و ئەو فەرمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داوە چی بکرێت. بەڵگەنامەکان ئەو میکانیزمانەش دیار دەکەن کە سەرۆکایەتی کۆمار لە بەری گرتوون، بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە ترسناکە، لە دژی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکانی.

یەکەم نوسراو، کە نوسراوە زۆر نهێنی، تایبەت و بەپەلە، لە سەرۆکایەتی کۆمار دەرچووە و ئیمزای سکرتێری سەرۆکی کۆماری بەسەرەوەیە، بەژمارە (965/953ك)، لە ڕێکەوتی (1987/3/31)، پێش کارەساتی کیمیابارانکردنی شێخ وەسان و بالیسان، لە دۆڵی خۆشناوەتی بە دوو هەفتە. نوسراوەکە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی کراوە، لە خانەی بابەتدا نووسراوە (ب/ بەکارهێنانی چەکی تایبەت)، کاربەدەستانی سەربازی و ئەمنی بەعس، بۆ شاردنەوەی دەستەواژەی چەکی کیمیاوی، هەمیشە دەستەواژەی چەک و تەقەمەنی تایبەتیان (عتاد خاص) بەکارهێناوە. ئەو کۆدەش دواتر هەر لە ڕێگەی نووسراوەکانی خۆیانەوە ئاشکرا دەبێت. لە نووسراوەکەدا هاتووە: نووسراوتان ژمارە (ش3/ق2/ 6885) لە (1987/3/25) ڕەزامەندی وەرگیرا گورزەگە بوەشێنرێت، بە مەرجێک بەرئەنجامی هەبێت. لە بەرئەوەی مەبەست تەنیا ئەوە نیە زیان بگەیەنن بە تێکدەران. کاری پێویست بکەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ لەشکری پەیوەندیدار، بەر لە وەشاندنی گورزەکە، ئاگادارمان بکەن. لەگەڵ ڕێزدا. سکرتێری سەرۆک کۆمار).

نووسراوەکە بە دەستخەت، ئەم پەراوێزەی بە سەرەوەیە: بۆ ئاگاداربوونی بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری سەربازی، لە ناوەڕۆکی نووسراوەکە، کە تایبەتە بە بەکارهێنانی (تەقەمەنی تایبەت)، لە چاوەڕوانی فەرمانی جەنابین، بۆ ناردنی نووسراوەکە، بۆ یاریدەدەرێتی یەکەم بۆ کاری پێویست. هەرچی پەراوێزی هۆبەی سێیەمە، پێویستی هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەرکانی سوپا دووپات دەکاتەوە، بەو پێیەی ئەو فەرمانگەی بەرپرسە. بەخەتی دەستیش پێداچوونەوە بە نووسراوەکەدا کراوە، سەبارەت بە بابەتەکە و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی کۆمار. هەروەها هۆبەی سێیەم، لە پەراوێزەکەیدا داوای هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتدا کردووە، بۆ ئەوەی لە سەر وردەکارییەکان ڕێک بکەون و کاتەکە دیاربکەن و بەر لە جێبەجێکردنی سەرۆکایەتی لێ ئاگادار بکەنەوە. هەموو پەراوێزەکان ئیمزای ئەفسەرە بەرپرسەکانیان بەسەرەوەیە، بێ ئەوەی ناوەکانیان بنووسرێن. بەڵام ڕێکەوتیان لەسەرە و لۆگۆی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیان هەڵگرتووە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).( http://www.historyofkurd.com )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2- ئامانجی ڕژێمەکانی عێراق لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دژ بە نەتەوەی کورد:

بیرۆکەی چەوساندنەوەی گەلی کورد، لەلایەن حکومەتە یەك لەداوی یەکەکانی عێراقەوە پەیڕەوکراوە و ئەو کاتەی دەسەڵاتی سیاسییان وەرگرتووە و بەهێز بوونە، کەوتونەتە گیانی ڕۆڵەکانی کورد و هەستاون بە بەعەرەربکردنی خاکی کوردستان و لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی و گرتن و ڕاوەدونان و دەربەدەرکردنی گوندنشینان، کە ئەمەش بە بەشێك لە زنجیرە سیاسەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و نەژادی و لەناوبردن و ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان دادەنرێت.(عبدالله، 2008، ل35)

ناوچەی لێکۆڵینەوە بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی پێکهاتبوو لە (٥٠٠) ماڵ، هەر یەکە لەو ماڵانەش لە چەندین سەرخێزان پێکهاتبوون. واتە کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی (٥٠٠٠) کەس بووە.((/https://ckb.wikipedia.org) )

### 3- هۆکاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەو ناوچانە:

زۆرجار لەکاتی شەڕ و ململانێی سیاسی و ئابووری، وڵاتان ناچار دەبن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین پێگە و بنەمای هێز، چەند ناوچەیەکی پڕ بایەخ و بەهادار داگیر بکەن، تا لەڕێگەیەوە بتوانن کۆنترۆڵی سەربازی و سیاسی بگرنەدەست و چارەنوسی شەر و ململانێکانی پێ یەکلابکەنەوە، ئەم ناوچەیەش بە شوێنی ستراتیژی ناوزەند دەکرێت، تەنانەت لەکاتی ئاشتیشدا ڕۆلی سەرەکییان هەیە لە تۆکمەکردنی هیزی وڵات و بەرەو پێشبردنی ستراتیژییەکانی تا گەیشتنە ئامانجی کۆتایی.(تالێب، 2020، ل53)

دیارە چەکی کیمیایی بەکاردێت بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکان، لەکاتی جەنگدا ناهێلێ دوژمن بەرەو پێش بێت و سنورێکی بۆ دادەنێت و جێگا گرنگ و ستراتیجیەکانی لێ دەسەنرێتەوە، قوڵایی بەرەکانی جەنگی دوژمن، لێی دەدرێ و دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی و نەمانی ورە لەناو دوژمن دەخولقێنی.

لەڕوانگەی سەربازییەوە سوپاکان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە باشتر دەزانن، چونکە کاریگەرییەکانی خیرا تر و زوو دەردەکەون لە چاو چەکی بایۆلۆجیدا، هەربۆیە ئەمەریکا لەساڵی (1969) دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەبەرنامەی چەکی بایۆلۆجی وڵاتەکەی دا.( https://www.pukmedia.com/KS) ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە بەهۆی بوونی جوگرافیا و

ژینگەیەکی سەخت و بوونی شاخ و دۆڵ و بەرزونزمی جیاواز، زۆرجار لەشەڕەکان پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو دەبرێت، وەك ئەوەی حکومەتی عێراق لەزۆر شوێنی هەرێمی کوردستان ئەنجامی داوە، لەنێوایاندا ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## 4- ئاکامە تەندروستییەکانی کیمیاباران لەسەر خەڵك:

گومان لەوە دانیە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی زیانێکی گیانی زۆری لە دانیشتوانی ئەو ناوچانەداوە کە بەر ئەو شاڵاوە درندانە کەوتن، ئاکامەکەشی بەگوێرەی جۆر و بڕی ئەو ماددەیە بەکاردێن جیاوازە.

ناوچەی دۆڵی خۆشناوەتی، بەچەندین جۆر چەکی کیمیاوی بۆمباران کراوە، لەوانە گازەکانی (خەردەل، سارین، تابون و سیانیدی هایدرۆجین). ئەو ماددە ژەهراوییانە دەچنە ناو لەشی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر بار و تەندروستی و ڕەفتاری سروشتی مرۆڤ دروست دەکەن و تێکەڵ بەماددە بۆماوەییەکانی ناو لەش دەبن و دەبنە هۆی لادانی کرۆمۆسۆمەکان و جیناتەکان و خانەکانی لەش و بارە سروشتیەکەی دەگۆڕن.( Hazha J.H,2018, p86)

لەو کیمیابارانە وەك بەشێك لەدانیشتوانی ڕزگاربووی ئەو ناوچەیە دەیگێرنەوە کە کاریگەرییەکەی بە چەند شێوازێك بووە، خەڵك زۆر کوێرە دەبوون، بە شێوەیەکی گشتی کیمیابارانەکە کاریگەری لەسەر سێ شوێن دەبوو، لە سەر مرۆڤەکان، یەکەم پێستیان دەسوتا یاخود پێستیان هەڵدەئاوسا، بەتایبەتی دەم و چاویان، دووەم چاویان کوێر دەبوو، سێیەم هەناسەیان تەنگ دەبوو و توشی سوتانەوەی سییەکان و سینگ دەبوون، جگە لە تێکچوونی هاوسەنگییان و گێژبوون، لە هۆشچوون،(اسماعیل، 2019، ل93) بەشێکیان گواسترانەوە بۆ هەولێر و سلێمانی تاکو چارەسەری وەربگرن. لەو کات بارانێکی زۆر باش باری بۆیە کیمیا کاریگەری زۆر نەبوو، ئەگەر میهرەبانی خودا نەبوایە کەس ڕزگار نەدەبوو.

دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس ناوچەکەمانی کیمیا باران کرد، سەربازەکانی (سەدام) داوایان لە خەڵك دەکرد بچنە لایان، تاکو دەرمانی برینەکانیان بکەن، بەڵام کاتێك ئەو کەسانەی لە تاو ئازاری برینەکانیان هانایان بۆ سەربازەکانی ڕژێمی بەعس دەبرد، دەیان گرتن ئەشکەنجەیان دەدان و دەیان کوشتن، یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گواستنەوە بۆ شوێنێکی تر زیندە بەچاڵایان دەکردن، بەڵام کەسانێکی زۆر لە تاو برینەکانیان، کە سەربازەکان بەڵێنی چارەسەریان پێدان خۆیان ڕادەست کرد، بەڵام لەگەڵ خۆڕادەست کردنیان کۆتایی بە ژیانیان هێنرا.(https://ilkha.com/sorani/latest/2067/182 .)

## دووەم: شیکردنەوەی جوگرافی کیمیابارانی گوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتی:

زۆرجار لەکاتی شەڕ و ململانێی سیاسی و ئابووری، وڵاتان ناچار دەبن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین پێگە و بنەمای هێز، چەند ناوچەیەکی پڕ بایەخ و بەهادار داگیر بکەن، تا لەڕێگەیەوە بتوانن کۆنترۆڵی سەربازی و سیاسی بگرنەدەست و چارەنوسی شەر و ململانێکانی پێ یەکلابکەنەوە، ئەم ناوچەیەش بە شوێنی ستراتیژی ناوزەند دەکرێت، تەنانەت لەکاتی ئاشتیشدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە تۆکمەکردنی هێزی وڵات و بەرەو پێشبردنی ستراتیژییەکانی تا گەیشتنە ئامانجی کۆتایی.(تاڵیب، 2020، ل53)

لە ڕێکەوتی (1987/4/16) لە لایەن فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی حکومەتی دیکتاتۆری لەناوچووی بەعس، بۆ یەکەم جار لە کوردستان دانیشتوانی سقیلی گوندی شێخ وەسان و بالیسان و دوروبەری بە خەستی کیمیاباران کرد. کە بووە هۆی شەهید و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر منداڵ و پیر و گەنج و خەڵکی بێ تاوان، هەروەها کاریگەری هەبوو لەسەر تێکدانی ژینگە و ژەهراوی کردنی خاك و ئاووهەواکەی. لەبەر ئەمە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ڕێکەوتی (2008/6/11) بە یاسای ژمارە(8)ی ساڵی (2008)، ڕێککەوتی (4/16)ی هەموو ساڵێکی کرد بە ڕۆژی ژینگەی کوردستان. دووبارە لە ڕێکەوتی (1988/7/31) لەگەڵ گوندی خەتێ کیمیاباران کراوەتەوە و بۆتە هۆی شەهید و بریندار بوونی چەندین کەسی سقیل، تا کۆتایی ساڵی (1988) هەموو ناوچەکە سوتماك کراو و بوو بە ناوچەی قەدەغەکراو(منطقة محرمة).(اسماعیل، 2019، ل8)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای تۆمارکردنی داستانی ڕزگاری[1] خەڵکی دۆڵی بالیسان و ناوچەکە دڵیان بەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆش بوو، دوو ڕۆژ دوای ئەوە لە ڕێکەوتی(1987/4/16) لەڕێگەی فڕۆکەوە، ڕژێمی ئەوسای عێراق دەستی کرد بە بۆمبارانکردنی گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسان و زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵی بە خەڵك و ناوچەکە گەیاند.

دوای ئەو ڕووداوە هێزەکانی ڕژێمی عێراق بەردەوامیان دا بە بۆمباران و کیمیاباران کردنی ناوچەکە. لە خشتەی ژمارەی (2) و شێوەی (1) دەردەکەوێ کە کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی زیانێکی زۆری گیانی لە دانیشتوانی ناوچەکە داوە، بەجۆرێك لەماوەی نێوان (1987/4/16 تا 1988/7/31) لەکۆی گشتی حەوت گوندی ناوچەکە (272) شەهید و (129) بریندار لێکەوتۆتەوە، زۆرترین شەهید لەگوندی شێخ وەسان بووە، کە (181) شەهید بووە، لەگەڵ تەنها (4) بریندار، هۆکاری گەورەیی قەبارەی قوربانییەکان و شەهیدەکان و کەمی بریندار دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زانیاری خەڵکەکە و ناشارەزاییان لە بۆمبی کیمیایی و کاریگەرییەکەی، لەبەر ئەوەی یەکەمجار بوو ئەوجۆرە بۆمبە بەکارهێنرابوو، هەروەها نەبوونی ڕێنمایی تەندروستی و خۆپاراستنیان و نەبەستانی دەمامك.

**خشتەی (2)**

**ژمارەی شەهید و بریندارەکانی سنووری دۆڵی خۆشناوەتی**

| ناوی گوند | شەهید | % | بریندار | % | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| شێخ وەسان | 181 | 66.54 | 4 | 2.82 | 1987/4/16 |
| بالیسان | 29 | 10.66 | 87 | 61.27 | 1987/4/16 |
| کانی بەرد | 0 | 0 | 0 | 0 | 1987/4/16 |
| مەلەکان | 14 | 5.15 | 10 | 7.04 | 1987/6/19 |

(1) داستانی ڕزگاری ئەو چالاکیە بوو، کە لە هێرشێکی بەرفراوانی هێزەکانی پێشمەرگە، لە شەوی دوازدە لە سەر سێزدەی نیسانی (1987)، بە دوو قۆناغ و بە بەشداری زیاتر لە (1500) پێشمەرگە، کرایە سەر مۆڵگەکانی لەشکری عیراق لە ناوچەکەدا. هێزەکانی پێشمەرگە، بەشێکی بەرفراوانی سنووری شارباژێڕ و سووردارشیان تا بەرزاییەکانی شاری سلێمانی، لە ئەزمەڕ و گۆیژە لە بن دەستی لەشکری ڕژێمی پێشووی عێراق کۆنترۆڵ کرد و زیانێکی گەورەیان پێگەیاندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وەرێ | 35 | 12.87 | 13 | 9.15 | 1988/5/15 |
| قاسماوا و سیخوڕ | 6 | 2.21 | 21 | 14.79 | 1988/7/31 |
| خەتێ | 7 | 2.57 | 7 | 4.93 | 1988/7/31 |
| کۆی گشتی | 272 | 100 | 142 | 100 | |

سەرچاوە: توتمەیی،محمد جلال، هەرتەلی، کریم عبدالله، حەیدەری، صالح اکرم، (2006)، کیمیاباران لەخۆشناوەتیدا، هەولێك بۆ بە مێژوو کردن، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ل80. ل(51-90).


کاریگەری ئەو گازە لەسەر گوندی بالیسان لەڕووی شەهیدەوە کەمتر بوو کە (29) کەس بووە، بەڵام ژمارەی بریندارانی ئەو بۆمبارانە(87) کەس بوو. پێویستە بگوترێ سەرەڕای بەرکەوتنی گوندی کانی بەرد بە بۆمبی کیمیایی، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی بەدوا خۆیدا نەهێنا، بەهۆی نەتەقینەوەی بۆمبەکان، بەمەش کاریگەری نەکردە سەر دانیشتوانی ئەو گوندە.

لە ڕێککەوتی (1987/6/19) گوندی مەلەکان هەمان چارەنوسی ڕەشی بەسەر دادرا، لە ئەنجامی ئەو کیمیابارانە، (14) شەهید و (10) بریندار تری لێکەوتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەنفال کردن و شوێن بزر کردنی (33) کەسی تری دۆڵەکە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جوگرافیای ئەو دۆڵە، کە دەورە دراوە بە چیاکانی (ئاراسن، شۆپە، سەربار، سەری جوانەگا و حەوشی خندۆران)، ئەو ناوچەیە مەڵبەندی شۆڕش و لانە و هەواری پێشمەرگە بووە.(توتمەیی، 2006، ل80) لەوێنەی (1) ناوچە کیمیاباران کراوەکان خراونەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەی (1)

ژمارەی شەهید و بریندارانی دۆڵی خۆشناوەتی




لەبەردەوامی ئەو کۆمەڵکوژییە، پەلاماری سوپا لە ڕێکەوتی (1988/5/15)، کە دوا ڕۆژی ڕەمەزان بوو، دەستی پێکرد و کەوتنە کیمیابارانی گوندەکانی (وەرێ، نازەنین، کاموسەك، ئەسپیندارە، عەلیاوا، سماقولی و بۆنێ)، لەم پەلامارە تەنها لە گوندی وەرێ، لە دۆڵی خۆشناوەتی (35) کەس بوونە قوربانی، لەگەڵ بریندار بوونی (13) کەس، ئەمە دوای ئەوەی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکان، نزیکەی (6) بۆمبیان لە ناوچە بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دا و بەهۆکاری لێژی و با کاریگەرییەکەی بەرەو گوند هات و بووە هۆی شڵەژانی خەڵك و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە(توتمەیی،2006، ل7-10)، ئەمە جگە لەوەی لە پرۆسەی ئەنفالدا سنوورەکانی ئەم ناوچەیە، دووچاری شاڵاوی دڕندانەی وێرانکاری ئەنفال بویەوە و زیانێکی زۆری گیانی وماڵییان لە خەڵکی سقیلی ناوچەکەدا. (عبدالله، 2008، ل109).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنەی ئاسمانی گوندەکانی ناوچەی دۆڵی خۆشناوەتی کە بەر شاڵاوی کیمیاباران کەوتن.**




**سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:**
https: /www.windy.com/?36.408,44.618,13

بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (861)ی دەستەی ئەرکانی سوپا، لە (20ی تەمموز) بە فەرمانی (سەدام حوسێن)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ناوچەکانی (دۆڵی ئالانە، بالیسان، مەلەکان، وەرتێ، هیران، سماقولی) بەر بۆمبی کیمیاوی بدرێن و خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر بکرێن. (عبدالله، 2008، ل113). لە بەردەوامی ئەو پرۆسە نامرۆڤانەیە، لەکۆتایی مانگی حەوتی ساڵی (1988) گوندەکانی (قاسماوا وسیخور) کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی هێزە بێ بەزەییەکانی ڕژێم، تیایدا (6) کەس شەهید و (21) کەسی تر بریندار بوون، کە بارەگای پێشمەرگە و چەند ماڵێکی لێ بوو. هۆکاری کەمی ژمارەی شەهید لەو ناوچە بەهۆی شارەزابوونیان بوو لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەکە، بەوەی بەپێچەوانەی ئاراستەی با و هەنگاو نان بەرەو لوتکەی چیاکان دەڕۆیشتن، ئەمەش کاریگەری باشی هەبوو لە کەمکردنەوەی قەبارەی زیانەکان، چونکە هۆکاری ئاووهەوا بەتایبەتی ڕەگەزی با و ئاراستەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوڵەی هەوا، ڕۆڵێکی گەورە دەبینی لە بڵاوکردنەوەی گازی کیمیایی، ئەمە سەرەڕای بەستنی ماسك بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری گازە ژەهراوییەکان، گوندی خەتێ لەهەمان ڕێکەوت بۆمباران کرا و لەوێش (7) شەهید و (7) بریندارى لێکەوتەوە

پێویستە بگوترێ بێدەنگی وڵاتانی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی لە ئاست ئەو تاوانە گەورانە، ناڕاستەخۆ بۆتە ڕەوایەتیدان بە بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو شاڵاوە دڕندانانە، بگرە هەندێکیان بە هۆکاری سیاسی و ڕەگەزپەرستی و نەتەوەخوازی و ئابووری هاوکار و پشتیوانی ئەو پرۆسە نامرۆڤانەیە بوون.

## دەرئەنجام:

1. هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی (بالیسان)، گرنگیەکی ستراتیژی و ئابووری هەیە، لە نێو پارێزگای هەولێر، چونکە ناحیەکە پردی بەستنەوەی پەیوەندییە، لە نێوان چەند قەزایەکی پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانی.
2. گەلی کورد وەك هەر گەلێکی ستەم دیدە، دوچاری ستەم و چەوسانەوە و کۆمەڵکوژی بەردەوام بۆتەوە و هەزارەها شەهید و بریندارى لێکەوتۆتەوە.
3. ئەگەرچی لەپارچەکانی تر، مێژووی کیمیابارانی ناوچە کوردییەکان مێژوویێکی کۆنتری هەیە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان، ناوچەی لێکۆڵێنەوە بەدیاریکراوی ناحیەی بالیسانی ئێستا، یەکەم شوێن بووە، کە بەر شاڵاوی کیمیابارن کەوتوە.
4. سروشتی ناوچەکان و بوونی ناوچەی شاخاوی و دۆڵی تەنگەبەر، هۆکارێکن بۆ ئەستەمی هاتووچۆ، بۆ ئەمەش ڕژێمی عێراق پەنای بۆ چەکی کیمیاوی و ژەهراوی و فۆسفۆڕی بردووە بۆ نەهێشتنی چالاکی و بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
5. بیری ناسیۆنالیزمی و ڕەگەزپەرستی دژ بە کورد ڕۆلی کاریگەری بینیوە لە زەمینە خۆشکردن بۆ تاوانی لەناوبردنی کورد، لەڕێگەی کۆمەڵکوژییەکان کیمیابارن و ئەنفال و ....هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. لە تاوانەکانی کیمیابارنی شوێنی جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، ناوچەی خۆشناوەتی لەنێویاندا گوندەکانی شێخ وەسان و بالیسان زیانێکی زۆری گیانی و مادییان بەرکەوت، بەجۆرێك نزیکەی(300) شەهید و (130) بریندارى داوە و پاشماوەی ئەو کاریگەرییە دوای زیاتر لە (30) ساڵ و تائێستاش هەرماوە.
7. بێدەنگی وڵاتانی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی لە ئاست ئەو تاوانە گەورانە، ناڕاستەخۆ بۆتە ڕەوایەتیدان بە بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو شاڵاوە دڕندانانە، بگرە هەندێکیان بە هۆکاری سیاسی و ڕەگەزپەرستی و نەتەوەخوازی و ئابووری هاوکار و پشتیوانی ئەو پرۆسە نامرۆڤانەیە بوون.

**ڕاسپاردە:**

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەردەوام لەسەر ئەو ناوچانە و بەدۆکیومێنت کردنی تەواوی ئەو تاوانانەی کە بوونەتە هۆی قەڵاچۆی بەکۆمەڵ، بە ئامانجی خستنەڕووی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەی کورد لەسەر خاك و مافی خۆی.
2. بایەخدان و قەرەبووکردنەوەی ماددی مەعنەوی، ئەوانەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاواین، یان ئەوانەی بەهۆی هەر تاوانێك بەبێ تاوان کەس و کاریان شەهید و بریندار کراون و بەرزکردنەوەی موچەی کەسوکاری قوربانیان کە بتوانێ مسۆگەری ژیان و گوزەرانیان بکات.
3. دابینکردنی چارەسەری درێژخایەنی قوربانییەکانی گەلکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، هەروەها یارمەتی و چارەسەری نەوەکانی دوای تاوانی گەلکوژی، کە بەهۆی پاشماوەی شوێنەواری ژەهری کیمیاوی و چەکی کۆمەڵکوژی تەندروستیان ناتەواوە و یان لە رووی دەرونییەوە ئازار دەچێژن.
4. هەموو هەوڵێك بدرێ بۆ سەپاندنی ئاشتی و بنەبڕکردنی جەنگ، قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و هێشویی، وە قەدەغەکردنی مین.
5. ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شیاو بە خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی و ناوچەی زەرەمەند، لەڕووی چاککردن و بونیاتنانی خانوو و پڕۆژەی ئابووری و دروستکردنی

جادە و ڕێگاوبانی پێشکەوتو و سەردەمییانە، کە تا ئێستا ڕێگاوبانی ناوچەکە لەوپەڕی خراپیدایە.

6. پێویستە هەموو شەهیدانی هاوڵاتی، کە بەدەستی ڕژێمی بەعس شەهید کراون، وەك شەهیدی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بناسرێن و جوداکاری لەبەرامبەریاندا نەکرێت.
7. جەخت کردنەوە لە سزادان و دادگای کردنی ئەنجامدەران و هاوکارانی ئەوجۆرە تاوانانە، کێشکردنی تاوانباران کە بەشدارییان لە تاوانەکان بەجۆرێ لە جۆرەکان کردووە بۆ دادگا، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژی، جا لەلایەن هەر وڵات و حیزب و گروپ و کەسێکەوە بێت.

**سەرچاوەکان:**


1) تالِّيب، جەزا تۆفیق، (2020) جوگرافیای سەربازی، بێ ناوی چاپخانە، سلێمانی.
2) توتمەیی، محمد جلال، هەرتەلی، کریم عبدالله، حەیدەری، صالح اکرم، (2006) کیمیاباران لەخۆشناوەتیدا، هەوڵێك بۆ بە مێژوو کردن، چاپخانەی هیوا، ڕانیە.
3) ابراهیم، مخلص اسماعیل، (2019)، بالیسان تۆماری مێژووی بیست ساڵەی بوون بەناحیە، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
4) حکومەتی هەریمی کوردستان، (2009)، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری نەخشەسازی هەولێر، بەشی (GIS)، نەخشەی کارگێڕی ناحیەی بالیسان.
5) حەداد، هاشم یاسین حەمەد ئەمین و ئەوانیتر، (2009)، ئەتڵەسی هەریمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە زنجیرە بڵاوکراوە جوگرافییەکانی کۆمپانیای تێنووس، بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر.
6) الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعدادات السكانية، لسنة ١٩٧٧/ ص ٣٣.
7) جريدة الوقائع العراقية، عدد ٣١٦، ص ٤٥٢ .
8) محافظة أربيل، العدد (١٦٤٥/١/١) في (١٩٩٢/١١/١٠)

9) ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ( ١٢٢) لە (١٩٩٩/٣/١٣)
10)نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ، ژمارە ( ١٠١٠٧) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٠٦/٩/١١).
11)وزارة التخطيط و التعاون الانمائية، هيئة الاحصاء إقليم، نتائج الحصر و الترقيم فی محافظة اربيل، قضاء شقلاوة، بيانات الحصر و الترقيم(2009).
12) پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید- چاك، http://dengekan.ca
13) قادر، جەبار، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کورد، لە ساڵی (1987)، لە بەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە فەرمییەکانی عیراق: http://www.historyofkurd.com.
14) https://www.windy.com/?36.408,44.618,13.
15) https://ilkha.com/sorani/latest/2067/182.
16) https://www.pukmedia.com/KS.

17) Sheeman H. M., Hazha J.H, (2018), Cytogenetic study among chemical bombardment survivors in Shekh Wasan and Balisan valley Kurdistan Region-Iraq, Research papers, 4th Int. Conf. of Hawler Medical University, p 86.


**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پاشکۆی(1)



سري للغاية وشخصي

العدد: ٧٢٧١

التاريخ: ١٩٨٧/٢/٢١

ب. مقرات عملاء إيران في حوض قرى (مكية - بلكجار - سيوسنان) التابعة لناحية قره داغ.

٥. أن الأهداف المشار إليها في (آ - ب) من المادة (٤) أعلاه من المقرات المهمة لعملاء إيران وأفراد العدو الإيراني وهي بعيدة بعداً كافياً (كأعماق العتاد الخاص) عن مواقع قطعاتنا وتعتبر ملائمة أكثر من غيرها لاستخدام هذا العتاد لوقوعها في مناطق منخفضة تساعد على ركود أبخرة العامل الكيمياوي وبالإمكان معالجتها بالوسائل الميسرة (القوة الجوية، القاذفات السمتية والسمتيات ليلاً).

٥. أقترحت مديريتنا توجيه الضربة للهدفين المشار إليهما في (٤) أعلاه خلال هذه الفترة وباستخدام ثلثي المتيسر من العتاد الخاص (عامل [illegible]) أضافة الى ثلث المتيسر من العتاد الخاص (عامل [illegible]) والاحتفاظ بالمتبقي للحالات الطارئة في قواطع العمليات.

٦. كتاب رئاسة الجمهورية - السكرتير السري للغاية والشخصي وعلى الفور ٩٥٣/١٩٦٥/ك في ٢٩ آذار ٨٧ المتضمن مايلي:- (حصلت الموافقة على توجيه الضربة على أن يتم استثمار النتيجة. حيث أن القصد ليس أيذاء المخربين فحسب... لاتخاذ مايقتضي وبالتنسيق مع الفيلق المعني... وأعلامنا قبل المباشرة بالضربة).

يرجى التفضل بالاطلاع وأمركم الجناب لتنفيذ ماورد بكتاب رئاسة الجمهورية - السكرتير اعلاه وأعلامنا نتيجته... مع التقدير.

اللواء الركن

مدير الاستخبارات العسكرية العامة

سري للغاية وشخصي

الوثيقة رقم ( ٦ - ٢ )

بەڵگەنامەیەکی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو لەسەر کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان

**سەرچاوە/ قادر، جەبار، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کورد، لە ساڵی (1987)، لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە فەرمییەکانی عیراق:** http://www.historyofkurd.com.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Spatial analysis of chemical bombardment on Khushnaouti Valley and its demographic effects. (Balissan district as an example).

**Sakar Mohammed Hasan**
Department of Geography, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq
Email: sakar.gardi@uor.edu.krd

**Tanka Osman Saeed**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: tnka.saeed@su.edu.krd

**Fatimah Qader Mustafa**
Department of Geography, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq
Email: fatma.qadr@uor.edu.krd

***Keywords***: *Chemical attacks, crime, chemical weapons, demography, Balisan*

## Abstract

Balisan and Sheik wassan were the first two villages in Iraqi Kurdistan to be attacked by poison gas. The Iraqi attack on that valley in the period between (16/4/1988 to 31/7/1988), was a set of crimes against humanity and humanity, in which a sovereign state uses chemical weapons against its people. Shocked villagers who survived the attack likened the experience to watching doomsday. Even after this horrific gas attack on the area, the survivors were imprisoned in Erbil without medical treatment, dozens of Balisan villagers, dying within a week of their arrival.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

This research consists of a preface, containing a historical overview of the study area. Chemist in Kurdistan.

As for the second chapter, it studied a geographical analysis of the chemical bombardment of the study area and its effects on the residents and people of Khoshnawaty Valley, and it also deals with the reasons and objectives of the defunct regime for perpetrating this crime, with reference to some health diseases and the emergence of some symptoms of disease for the residents of the area.

# التحليل المكاني للقصف الكيميائي على وادي خوشناوتي وتأثيراته الديموغرافية (ناحية باليسان نموذجاً)

**ملخص**

كانت باليسان وشيخ وسان أول قريتين في كوردستان العراق، تتعرضان للهجوم بالغازات السامة. كان الهجوم العراقي على تلك الوادي في فترة ما بين (١٩٨٨\٤\١٦ الى 1988/7/31)، هي مجموعة جرائم ضد البشرية و الإنسانية، التي تستخدم فيها دولة ذات سيادة أسلحة كيميائية، ضد شعبها. وشبّه القرويون المصابون بالصدمة، الذين نجوا من الهجوم التجربة، بمشاهدة يوم القيامة. حتى بعد هذا الهجوم المروع بالغاز على المنطقة، تم سجن الناجين في أربيل دون علاج طبي، عشرات قرويًا من باليسان، يموتون في غضون أسبوع من وصولهم.

يتألف هذا البحث من تمهيد، يحتوي على نبذة تاريخية عن منطقة الدرسة، وتنقسم هذه الدراسة، إلى فصلين ومقدمة، إضافة إلى الاستنتاج والتوصيات، وتضمنت تمهيدًا وتحديد منطقة الدراسة، من حيث البعد الجغرافي و التاريخي و الديموغرافي، ويتناول أيضًا نبذة تاريخية، حول تاريخ القصف الكيميائي في كوردستان.

أما الفصل الثاني فدرس تحليل جغرافي للقصف الكميائي للمنطقة الدراسة و تأثيراتها على سكان و أهالي منطقة وادي خوشناوتى، و يتناول ايضاً اسباب و اهداف نظام البائد لارتكاب هذه الجريمة، مع اشارة ببعض امراض الصحية و ظهور بعض اعراض المرضية لسكان المنطقة.